# بیری ئازاد و بازاڕی ئازاد
# بەشی کۆتایی

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە

لە دوا زنجیرەی ئەم وتارەمدا هەوڵی پێداچوونەوەیەک دەدەم بەو پەند و وانانەی نێو زنجیرە بابەتەکانی پێشووم ، بۆ دەستەبەرکردن و گەیشتن بە دەرەنجامێکی ڕاست و دروستی لەبار و شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی بارودۆخی ئەمڕۆی کورد و تۆژینەوە و گرتنەبەری ڕێگاچارەسەرێک بۆ قورتاربوون لە پاشکۆی سیاسەتی ئەو هەڵە زەقانەی پێشووی سیاسەتمەدارانی کورد و تاقم و حیزبەکان و بەرپرسیارێتییان لە دروستبوونی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستادا و گەڕان بە دووی میکانیزمێک و ئالییەتێکی تۆکمە بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی بنەڕەتیی دروست و پێویست بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی ئازاد و پیرۆز و دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ وڵات و خاک و نیشتیمان و گەل و کەسایەتیی مرۆڤی کورد .

پێشەکی بۆ ئەوەی بزانین ئایا بیری ئازاد لە کوردستاندا هەیە و سەقامگیر بووە یان نییە ، سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی بیری ئازاد بکەین و بزانین چۆن گوزارش لە خۆیەوە دەکات . بیری ئازاد وەک زۆرێک لە دەسەڵاتدارانی نێو پارتە بەناو سیاسییە کوردییەکان لێی تێگەیشتوون یان دەیانەوێ خەڵکانی بەو شێوە پێ فریو بدەن ، بە هیچ کلۆجێک ئەوە ناگەیەنێ تۆ بە ئارەزووی خۆت بە ڕاست و چەپدا بتوانی قسە بەم حیزب و بەو سەرکردە بکەیت و دیاردە ناچیزەکانی وەک بیروکراتییەت و گەندەڵی نێو حیزب و دەزگاکان یان دزی و جەردەیی ئەم لێپرسراو و ئەو وەزیر و فلانە گزیری قەڵەمفرۆش بخەیتە ڕوو و پەردە لە سەر دیاردە ناچیزەکانی مەحسوبییەت و مەنسووبییەتی لێپرساوە حیزبییە خەسێنراوەکان و دەسەڵاتە بێ سنوور و بێ سانسۆرەکانیان لە سەر حیسابی چینە چینچینەکانی جەماوەری چەوساوەی کورد گوزارش لێوە بکەیت . سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە مانای بوونی نیمچە ئازادییەکی سانسۆرکراو دەگەیەنێ و بەس کە خۆی لە ئازادییە باوەکانی وەک مافی دەنگدان و هەڵبژاردندا دەنوێنێ نەک بوونی بیری ئازاد ، ئەگینا لە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆریشدا باست لە گەندەڵی هەر وەزیر و دەسگایەکەوە بکردبایە ، چونکوو زیانی بۆ پەزەکان نەبوو کە خۆی لە بنەماڵەی خودی سەدامدا دەنواند ، کەس لێتی هەڵنەدەپێچا ، بەڵام ئێستا لە پەنا ئەم ڕەوشە ڕەش و تاریکەی ئێستای کوردستاندا ، کە خەریکە دابونەریتی گەندەڵی عەشایەریی سەردەمانی پاشایەتیی بۆگەنی گۆڕکراو سەرلەنوێ لەلایەن پارتییەوە زیندوو دەکرێتەوە و بە هۆی کاکە نیهاد بارزانییەوە بە ئاشکرا برەو پەیدا دەکات و گەشە دەستێنێ ، بنەماڵەی دەسەڵاتداری تازەدەوڵەمەندی گەندەڵ لە بازرگانانی فرمێسک و خوێن و چەوساندنەوە هێند زۆر بوون سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە . دیاردەیەکە و تەنها گوزارش لە ئیفلاسی سیاسییەوە دەکات و ئەگەر بە هەڵمەتێکی هەمەلایەنانە و لە کاتی پێویستدا لە ڕێگای میدیاکان و دەربڕینی ڕۆشنبیرانەوە بەربەست نەکرێت ، دەرەنجامی ترسناکی لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کەسایەتیی تاکی کوردی لێ دەکەوێتەوە ، کە تێدا لە پێش هەموو کەسێکدا چینی ڕۆشنبیران و لاوان و ئافرەتانی تێدا زەرەرمەند دەبن و هەموو هیوا و ئاواتێکیان بۆ دەستەبەرکردنی پاشەڕۆژێکی ڕووناک و ئایندەیەکی بەختەوەر زیندەچاڵ دەکرێت ، ئەو کاتەش هەموو ڕۆژێک لە هەولێر و لە سەر تۆپەڵە بەفرێک منداڵێکی کوردی تێدا دەکوژرێ و لە ڕێی سوڵحی عەشایەریی پارتییەوە ، تاوانبار وەکوو بەرزەکی بانان بەبێ سزادان بۆی دەردەچێت و بە هۆی دەسەڵات و پارە و پوولەوە لەو تاوانە قورتار دەکرێت و سەروەری یاسای تێدا پێشێل و کەرامەتی تاکی کوردی تێدا زیندەچاڵ دەکرێت . زۆر ڕاستە کە وتراوە ئەگەر تاجیر شکستی خوارد و مایەپووچ دەرچوو ، بە قەرزوقۆڵەی دەفتەرە کۆنەکانیدا دەچێتەوە .

ڕۆژنامەنووسێک لە سەرەکوەزیرانی پێشووی وڵاتی سوید ( ئینگڤار کارلسۆن )ی پرسی و وتی بۆچی خەڵکان سەروچاوت بە پێڵاو دەشوبهێنن ، زۆر لەسەرخۆ لە وەڵامدا ڕاشکاوانە وتی ئەوانەی وا دەڵێن خەڵکانێکی زۆرن و یەک کەس و دوو کەس نین و دیارە بۆچوونەکەیان ڕاستە ، چونکوو دەموچاوی من درێژکۆلانە

هەڵکەوتووە ! خۆزیا نیمچە بوێرییەکی لەو تەرزە لەنێو ڕۆشنبیرانی کورددا هەبوایە ، هەر ئەو کاتە دەردەکەوت کە پێستی ڕوومەتی چەند لە سەرانی کورد شمشێری میسریش کاری لێ ناکات و نایبڕێ . دەربڕینی ئەم جۆرە ڕاستی و لێدوانانە مانای بوونی نیمچە ئازادییەک دەگەیەنێ نەک ئازادیی بیروڕا یان بیری ئازاد ، بە واتایەکی دی دەربڕینی بیری ئازاد یان دیموکراتییەت ، سیستەمێکی بەربڵاوی فراوانە کە بە مەبەستی دەستەبەرکردن و هاتنەکایەی قەوارەیەکی سیاسیی تۆکمەی ئەوتۆدا کە یاسا تێیدا سەروەر بێ ، خۆی لە بنیاتنان و دامەزراندنی دەزگا ڕۆشنبیری و مەدەنییە سڤیلییەکاندا دەبینێتەوە ، کە جەماوەر بە هەموو توێژ و چینەکانییەوە ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەو دەزگا مەدەنییانەوە گوزارش لە یەکسانی و کەسایەتی و مافی هاووڵاتییەتی خۆیانەوە دەکەن و دەبێتە کەرەسە و ئامرازێکی کارسازیی دیموکراتییانەی زیندوو لە نێوان خەڵکان و پەرلەماندا کە لە نوێنەرانی حیزبەکان پێک دێن . واتە ئەو دەزگا مەدەنییانە دوورەپەرێز لە دەسەڵاتی حیزبەوە بەردەوامی بە کارەکانی خۆیان دەدەن ، بە پێچەوانەی پەرلەمانەوە کە لە پاڵێوراوانی حیزبی دەسەڵاتدار و حیزبە ڕکابەرەکانی دیکەوە پێک دێن . ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو دەزگا مەدەنییانە بە ڕووی خەڵکانی حیزبیدا دابخرێ ، نەخێر تەنها ئەوەندە نەبێ کە ئەوان لەنێو ئەو دەزگایانەدا نە لە دوور و نە لە نزیکەوە نابێ گوزارش لە بیروبۆچوونی حیزبەکانی خۆیانەوە بکەن ، چونکوو حیزبەکانیش دەزگای سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆیان دەبێت ، بەڵام لە چوارچێوەی بارەگای حیزبەکانیاندا نەک لە نێو دەزگا مەدەنییەکاندا کە گوزارش لە هەموو چین و توێژەکانی میللەتەوە دەکات و بە موڵکی هیچ حیزب و لایەنێک ناژمێردرێ ، بۆ بەڵگە لە پەنا ژیانی دیموکراتییانەی کۆمەڵگای مەدەنیدا ، نابێ ڕێکخراو و کۆڕ و سانديکاکان لە هەولێر و دهۆکدا سەر بە پارتی و لە سلێمانیشدا سەر بە یەکێتی بن ، لە کەرکووکیشدا لە هەردوو بابەتەکە دوو جۆرە سانديکا و دوو یەکێتی قوتابییان و دووی ئافرەتان و دوی لاوان و دوو سوپا و ئاساییش و دوو بودجەی جیاواز و تەنانەت دوو حیزبی نەتەوەیی جیاوازی ڕکابەریش سەرباری هەموو دەردەسەرییەک بن ، حیزبێکی کاک غەفوور مەخمووریی سەر بە پارتی لە شاری هەولێر و حیزبە نەتەوییەکەی دیکەی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی لە سلێمانیی ! ئێستا ئەگەر ئێمەش وەکوو نەتەوە و میللەتانی دەوروبەری خۆماندا بە شێوەیەکی فەرمی حکومەت و خاوەن قەوارەیەکی سیاسی یان هەر نەبوایە وەکوو فیدرالییەتەکەی سۆدان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە فەرمییانە دانپێدانراو باین ، چش لەو سەرلێشێواوی و بێسەروبەری و پاشاگەردانییەی کە پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا خوڵقاندوویانە ، بەڵام ئێمە خۆمان و هەر خۆمان ناوی زل و دێی وێرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لە خۆمان ناوە ، ئەگینا هیچ کەسێکی دیکە لە خۆمان بەولاوە وانێک بەو کڵاوەی سەرانی ئێمە ناپێون . بۆ بەڵگە هێژا بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لە نێوان مام جەلالەوە پیرۆزبایی لە کاک مەسعوود بارزانی کرد بە بۆنەی هەڵبژاردنیان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەک ڕاستەخۆ ، کە لە موجامەلەیەکی سەرپێیی و جەختکردن لە سەر هاوپەیمانێتی بەولاوە گوزارش لە هیچی دیکەوە ناکات . لە کاتێکدا ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە لە بری ئەوەی سوود لەم بارودۆخە لەبارەی ئێستا وەرگرن کە بە درێژایی مێژوو ئەمە یەکەم جارە هەلێکی سیاسیی بابەتییانەی لەم جۆرە بۆ کورد بڕەخسێ ، کە دەبوا ئێستا تاکە چرکەیەکیان بە فیڕۆ لە دەست نەدایە و بە جۆری مێشهەنگ ئاپۆرەیان لێ دابا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەر بۆ سەرپاکی دۆز و کێشە نەتەوەیی و مێژووییە ئاڵۆزکاوە قەتیسماوەکان ، کەچی وەک ئەوەی ئەم میللەتە کوردە داماوە نە بای دیبێ و نە باران ، نە ئەنفال و نە کیمیاباران ، نە کۆڕەو و نە ئەشکەنجەی نێو زیندانەکان ، سەرانی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و مانگ لە دوای مانگ لە پێناو پارە و پوول و پایە و پێگە و دەسەڵات و مەحسوبییەت و بەرژەوەندییەکی هەنووکەیی تەسکی حیزبایەتیدا وەکوو میزی حوشتر پاشەکشێ لە کێشە چارەنووسسازە سەرەکییەکان دەکەن ، بەو کارەشیان بەڕە لە ژێر پێی هیوای دواڕۆژی کوردە کڵۆڵەکە ڕادەکێشن و دەیانەوێ سەرلەبەری مەسەلە گرنگەکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیاندا لەبار بەرن ! هەرچەندە من دڵنیام لەوەی کە جارێکی دیکە ئەمریکا و بریتانیا هەموو دەڤەرەکە بەجێ بهێڵن ، کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان بەجێ ناهێڵن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێناو مانەوەی خۆیاندا ژیانی دیموکراتییانە لە کوردستان و دەڤەرەکەدا سەقامگیرتر دەکەن ، بەڵام گلە و گازەندە لەوەدایە کە ئەم دوو مێردەزمە دەسەڵاتدارە ناتەبا و ناکۆکەی کوردستان ، ئەگەر نەتوانن گوڵ بن لە بەردەم دەستەبەرکردنی ئەو ژیانە مەدەنی و دیموکراتییانەدا کە چەندەها ساڵە کورد خەباتی لە پێناودا دەکات و خەونی پێوە دەبینێ بۆ دەبێ دڕک بن ؟ کابرای کوردە خانووەکەی دڵۆپەی دەکرد کە چووە دەرەوە ڕوانی بارانەکە ڕاوەستاوە و خۆرەتاوێکە سەری کەچەڵ دەسوتێنێ ، تەنانەت

پەڵەهەوریکیش چییە بە ئاسمانەوە نەماوە ، بڕوای بە خۆی نەکرد و وتی لەوانەیە چاوم ڕەشکەوپێشکەی کردبێ ، نەخێر جارێکی دیکەش چووە ژوورەوە ڕوانی ژوورەکە لە دڵۆپەکردنی خۆی نەکەوتووە ، ڕاشکاوانە وتی باشە تۆ ئەگەر وەکوو ژووری موسڵمانان نابی هەر نەبێ وەکوو دەرەوە بە ! بۆیە دەبێ هەر وەک چۆن ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە خورتی دەیانەوێ عارەب لە پاشەڵی حوشتر و سەحرا دوور بخەنەوە و فێری ژیانی شارستانییەت و دانوستان و حیوار و دیموکراتییەتیان بکەن ، بە هەمان شێوە پێویستە ڕۆشنبیرانی چینی قوتابیانی کوردی کۆڵنەدەر بە پشتیوانیی جەماوەری گەلەکەمان لەبری حیزبەکان کە نایانەوێ لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بەو ئەرکە پیرۆزە هەستن ، ببنە داینەمۆی گۆڕان و پێشڕەوی جەماوەر و بە ژیری و توانای لەبننەهاتووی خۆیان و لە ژێر چاودێری هێزەکانی ئەمریکا و بە ئاگاداری ئەوان و دوور لە دەسەڵاتی حیزبەکانەوە ، ئەگەر نەشتوانن بە بەرپاکردنی خۆپیشاندان فشار بخەنە سەر پەرلەمانی کوردستان ، با بە هۆی کۆکردنەوەی ئیمزای بێ شومارەوە لە پێناو بنیاتنان و سەقامگیربوونی دەزگا دیموکراتییە مەدەنییەکان هەنگاوی یەکەم هەڵێننەوە ، چونکوو تەنها و تەنها دامەزراندنی دەزگای مەدەنیی دوور لە حیزبایەتییە کە دەتوانێ ببێتە ئامرازی دامەزراندنی قەوارەیەکی یەکگرتووی سیاسی بۆ حکومەتێکی فیدرالی و دیموکراتیی پەرلەمانی بۆ ئایندەیەکی نزیکی کورد ، کە مافی کەسایەتی تاکی مرۆڤی کوردی تێدا بەرز ڕاگیرێ ، کە من هەر لە ئێستاوە بەوپەڕی گەشبینییەوە پێشبینی لێوە دەکەم . ئەوانەش کە بە ڕەشبینییەوە دەڕواننە ڕەوشەکە و دەیانەوێ دەستە چەورەکەی خۆیان بە ئەمریکادا بسڕن و بڵێن کە گوایە ئەوان لێ ناگەڕێن ، لە سێ لایەنی سوودمەند بەولاوە تێپەڕ ناکەن ، یان ئەوانەن کە ئاستی هۆشیاری سیاسییان زۆر نزمە با دکتۆر و پرۆفسیۆریش بن ، یان ئەو فەریکە چەپڕەوانەن کە ئوسامە بن لادن چەند لە ئیسلام تێگەیشتووە ئەمانیش هێندە لە فەلسەفەی مارکسییەت تێگەیشتوون و وا لە مێشکیاندا چەسپاوە کە مارکسییەت لە دژایەتیکردنی ئەمریکادا گوزارش لە خۆیەوە دەکات و ئەگەر بە ئاشکرا هەڵیشفرێ ئەمان هەر دەڵێن بزنە و هاوئەهەنگ لەگەڵ تاقمەکەی زەرقاوی و شۆڤینییە عەرەبەکان و وەهابی و شیعەکاندا داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان و دەڤەرەکەدا دەکەن ، یان بازرگانانی فرمێسک و خوێن و کورسیی دەسەڵات و موقاوەلات و قڵەمفرۆش و حەڵقەلەگوێی حیزبەکانن و لە پێناو پەرەپێدانی دزی و جەردەییەکانیاندا دەیانەوێ ڕەوشەکە بە دەڵەمە و خاو و خلیسک و کاڵوکرچ وەک خۆی بمێنێتەوە ، بەو مەبەستەی جەماوەری کورد وەکوو لاشەیەکی بێ گیان ، بەبێ هیوا و ئاوات و ئامانج ، بە سارد و سڕی لەگەڵ ڕەوشەکەدا دەستەمۆ بکرێن و بیانکەنە کەرەسەی جێبەجێکردنی خواست و مەرامە گلاوەکانی نێو دەروون و بازیچەی دەستی خۆیان . ئێمە بە دەستی ئەم حیزبانەوە وەکوو هونەرمەندی میللیی کەرکووک خوالێخۆشبوو کاکە ئەحە چاوەشمان لێ بەسەردا هاتووە ، کە بە نیازی خوازبێنییەوە ، دەمڕاستێکی غەیرە چاوەشی گەڕەکی شۆرجەیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ داخوازی کچێک بردبوو ، چا خورایەوە و میوە و شووتیش کرا بە سەریا ، کابرا هەر متتەقی لێوە نەهاتبوو ، ناچار خۆیان هەڵیدەدەنێ و هەموو جارێ کە سەری باس دادەمەزرێنن ، کابرای بەناو دەمڕاست لێیانی تێک دەدات و دەیانگێڕێتەوە سەر باسی قەوانە شڕەکانی پێشووی خۆی ، کاکە ئەحەی چاوەش نایکاتە نامەردی و لێی وەدەنگ دێ و دەڵێ : ( ئێمە لەمرەوە ، لەورەوە ، لەیلاوە ، لەولاوە پزووی سەرینەکە بە هەموومانەوە تێرینەوە یەک ، کەچی تو لەودەوە دێیت و دەیت وەناویا و لێمانی تێک دەی ) .

من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم و خۆمیش بە لێپرسراو دەزانم بەرامبەر بە هەر قسەیەک کە دەیکەم : تاوەکوو هەژان و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەمەڕ شێوەی بیرکردنەوەی هێژا کاک مەسعوود بارزانیدا ڕوو نەدات ( کە ڕوو نادات ) لە کۆنترۆلکردنی ( م . س )نەکەی لەمەڕ خۆیەوە ، کورد یەکخستنەوەی دەزگا سەرەکییەکانی وەکوو دارایی و سوپا و ئاسایش هەتا هەتایە بە خۆیەوە نابینێ و هەر دەبێ لە بەر خۆمانەوە بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە .
دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کوردەکە لەو ڕاستییە تاڵە تێبگات کە هێژا کاک مەسعوود بارزانی لەگەڵ هەموو پاکی و خەلووقی و هەموو ڕێزێکیشمدا بۆی ، سەرکردەیەکی خەفەکراو و خاوەن کەسایەتییەکی زۆر لاواز و کەسانی دیکە لە پشتی پەردەوە قورمیشی دەکەن ، ئەگەریش هێژا کاک مەسعوود بارزانی بایی هێندە لە وزەیدا ببوایە و بە خۆیدا ڕایفەرمووبا ، خۆی دەبووە سەرۆکی عیراق و ئەو دەسکەوتە مەزنەی بە جەنابی مام جەلال و یەکێتی نیشتیمانی شایان و شیاو نەدەبینی ، چونکوو شیعەکان ئەویان پێ پەسەند بوو نەک جەنابی مام جەلال ، ئەمەش خۆی گوزارش لە خۆیەوە دەکات کە بۆچی جەعفەری و تێکڕای شیعەکان بۆ سەرۆکایەتی عیراق کاک مەسعوودیان

کاندید کردبوو نەک مام جەلال ! بۆ بەڵگە لە پێش دامەزراندنی ئەم پەرلەمانەی ئێستا و لە گەرمەی کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێمدا کە چوار مانگی ڕەبەقی خایاند و وەکوو پەڵەیەکی ڕەش دەچێتە سەر پەڵە ڕەشەکانی دیکەی ناوچەوانی مێژووی پارتییەوە ، کاک فازڵ میرانی لە سەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکەی لەمەڕ خۆیانەوە گوزارشی لەوەوە دەکرد کە گوایە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر پێشوەخت ڕێکەوتننامەیەکیان لە نێوان خۆیاندا ئیمزا کردووە و تێیدا هاتووە کە هێژا کاک مەسعوود بارزانی لەلایەن جەماوەری کوردەوە هەڵبژێردرێ نەک لەلایەن پەرلەمانەوە و هەروەها نابێ سەرۆکی هەرێم جێگری هەبێت و ئێستا یەکێتی پاشەکشەی لەو ڕێکەوتننامەیە کردووە ! لە هەمان کاتیشدا هێژا کاک عەدنان موفتی و جەنابی هێژا کاک دکتۆر مەحموود ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ ڕایان گەیاند کە هیچ ڕێکەوتننامەیەکی پێشوەختی لەو جۆرە ئیمزا نەکراوە وەک فازل میرانی گوزارشی لێوە دەکات و شتێکی وا لەئارادا نەبووە تا یەکێتی ئێستا لێی پاشگەز بووبێتەوە لەوە زیاتر کە بە سەرزارەکی وتراوە مام جەلال بۆ بەغدا و کاک مەسعوود بۆ کوردستان سەرۆکی هەرێم بێ و بەس ! لەمانەش سەیرتر ئەوەبوو کە لە ئەنجامی دەربڕینی ناڕەزایی حیزب و فشاری خەڵکانی بێ لایەن و ڕۆشنبیران و جەماوەردا ، پارتی لە داواکارییە سەرەکییەکەی خۆی کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بوو لەلایەن هەموو کوردەوە ، سەری بۆ یەکێتی دانواند بەوەی کە سەرۆک لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ ، کەچی لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوولادا ئاماژە بەوە دەکرا کە گوایە یەکێتی بە مەرجەکانی پارتی قایل بووە و ئەو سەری بۆ ئەم دانواندووە ! کە لە ڕاستیدا وەک بە لای هەمووانەوە ڕوون و ئاشکرایە کە تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە . لایەنێکی دیکەی بیانووە نابەجێکانی پارتی بۆ پوچەڵکردن و وەستانەوە دژی ئەو نیمچە یەکگرتنەوەیە ، لە بیانوویەکی دیکەی پارتیدا ڕەنگی دایەوە کە نابێ سەرۆکی هەرێم جێگری هەبێت ! کە دەبوا ئەو پۆستە بۆ یەکێتی بوایە ، تەنها بەڵگەیەکیشیان لە هەموو جیهاندا بۆ گوزارش لەو بۆچوونەیان سەرۆکی وڵاتی فەرەنسا بوو کە جێگری نییە ! باشە کەسێک نەبوو بە سەرانی پارتی بڵێ کە بۆچی سەرپاکی وڵاتانی جیهانیان بەلاوە ناوە کە جێگری سەرۆکیان هەیە و بە تەنها ئەو دیاردە ناچیزەی فەرەنسایان پێ پەسەندە ؟ پێم ناڵێن کام خەسڵەتی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتێکی موعەزەمەی وەکوو فەرەنسا و دوو ئیدارەی گەندەڵی دڕدۆنگ و ناتەبای بێ سەروبەری وەکوو پارتی و یەکێتیدا هەیە ؟ ئایا ڕاستە ئەو دوو بیانووەی پارتی بچنە خانەی مەرجەوە و ناوی کێشەیان لێ بنرێ و ببێتە هۆی دواخستن و دواکەوتنی کێشە چارەنووسسازەکان و مانەوەیان بە هەڵپەسێنراوی لەم بارودۆخە ئاڵۆز و ناسکەدا بۆ ماوەی چوار مانگی ڕەبەق ؟ یان ئەو وانێکە بیانووی خواردنی نانی جۆ بوو ؟ هەرچەندە دەشزانم یەکێتی لەبەر هەرچی هۆیەک بێ جارێ ناوێرێ یان زاتی ئەوە ناکات ڕاستییەکان ئاشکرا بکات ، بۆیە دەبێ و پێویستە جەماوەری کورد لەمەودوا نە بڕوا بە قسەکانیان بکەن و نە لەوە زیاتر ڕەفتاری وا ناچیزەیان لێ قەبووڵ بکەن ، تا جەدوەلێکی دیاریکراوی زەمەنی و کاتێکی لەبار بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دەزگا سەرەکییانەی کە ناوم بردن نەکرێنە بڕیارێکی تۆکمەی پەرلەمانی کوردستان .

ئەو دوو حیزبە لە کوردستانی ئازاددا و وەکوو دوو کورد ئەگەر نەتوانن بە سەر گیروگرفتە سەرەکییەکانی نێوانی خۆیاندا زاڵ بن ، سبەی لە بەغدا چۆن دەتوانن لەگەڵ شیعە و سوننەی عارەب و بە سەر گرفتە ئاڵۆزەکانی وەکوو کەرکووک و نووسینەوەی دەستووردا زاڵ بن ؟ ئایا ئیبراهیم جەعفەری ئەو کاتە مافی ئەوەی نابێ و لەجێی خۆیدا نییە بە ڕاشکاوییەوە پێیان بڵێ : کەی ئێوە وەکوو دوو کورد لە نێوانی خۆتاندا توانیتان هەردوو ئیدارەکەی شاری سلێمانی و هەولێر لێک بدەنەوە ، ئەوجا داوای لێکدانەوەی کەرکووک و قەزا و ناحییەکانی دیکە لە ئێمەی عارەبی شیعە و سوننەی عیراقی بکەن ! لە کاتێکدا جەعفەری زۆر چاک لەوە گەیشتووە کە ئەمریکا لەگەڵ گەڕانەوەی کەرکووکدایە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، هەر بۆیە تاوەکوو ئێستا ئەو 75 ملیۆنەی بودجەی کەرکووکی ڕاگرتووە و لە هەمان کاتدا دەیەوێ پۆلیسە دامەزراوە کوردەکان لە کەرکووک وەدەرنێ و سەرباری ئەم عارەبە هاوردانەی ئێستاش عەگاڵ بەسەری دیکە بە دیاری بۆ شاری باباگوڕگوڕی کەرکووک بنێرێ ، کە گوزارش لە درێژەپێدانی هەمان سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی سەدامی عەفلەقییەوە دەکات و بە موو جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا جەعفەری زۆر چاک دەزانێ ئەو کارەی تا سەر بۆ ناچێتە سەر ، بەڵام لە ڕوانگەی گەندەڵی و دەمچەوتی و بێ دەسەڵاتی و بڕوانەبوون و خۆبەکەمزانینی سەرانی کوردەوە ، ئەم پێش وەخت دەستی خۆی دەوەشێنێ و دەیەوێ حیزبە کوردییەکان بەو گرفتانەوە خەریک بکات و

گیرۆدەی گێژاوێکی ئەوتۆیان بکات هەر بە دەوری خۆیاندا بخولێنەوە و نەپەرژێنە سەر ئەنجامدانی هیچ کارێکی سەرەکی و بنەڕەتی ، بەردەوامیش لە حاڵەتی دیفاعدا بن و هەموو وزە و تاقەت و توانایەکیان لەو کارە لاوەکییانەدا بەخەرج بدات و بەو شێوەش کێشە چارەنووسسازە سەرەکییەکان وەک خۆی بیهێڵێتەوە ، کە لە زاراوەی سیاسیدا بە ( زەربەی ئیستیباقی ) ناو دەبرێ . هەر لە ئێستاشەوە خەریکی نەوژەنکردنەوە و نانەوەی دووبەرەکییە لە نیوان کورد و تورکیا و تورکماندا ، وەک لە لێدوانەکەی بریتانیای ئەم دواییەی جەعفەریدا هات لە پێناسەکردنی تورکمان لە عیراقدا وەک نەتەوەی سێیەم ، کە باشترین گوزارش لەو ئاژاوە نانەوە دەکات ، لە کاتێکدا لە دەستووری ئێستای کاتی و عێراقی کۆنی سەردەمی سەدام و پێش سەدامیش ئەوە هاتووە کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت کە کورد و عەرەبە نەک سێ نەتەوە ، لەوانەشە ئەگەر تەنگەتاو بکرێ ڕاشکاوانە بڵێ ئەمە قسەی من نییە و قسەی خودی کاک مەسعوود بارزانییە کە جیاوازی لە نێوان نەتەوە و کەمینەدا ناکات ، وەک لە سەر تەلەفزیۆنەکەی پارتییەوە گوزارشی لێوە دەکرد کە تورکمان لە کوردستاندا کەمینە نییە ! لە لایەکی دیکەشەوە ئیبراهیم جەعفەری تورکیا دەکاتە پاڵپشتی خۆی کە ئەوان بە دەستێوەردانی کەرکووک قایل نابن ، بەڵام هەڕەشە لە وڵاتانی دیکەی دەوروبەر دەکات کە زۆر دەکەوێ لە سەریان ئەگەر دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە وەردەن کە مەبەستی ئەو وەهابییانەی کەنداوە کە دێن و لە عیراقدا شیعە دەکوژن ! ئەم بان و دوو هەوا و بازاڕ و دوکانەی دکتۆر جەعفەری گوزارش لە بێدەسەڵاتی و ترسونۆکی و دەمچەوتی و خۆبەکەمزانینی سەرانی کوردەوە دەکات کە ناتوانن داکۆکی لە بچووکترین مافی زەوتکراوی ئەو میللەتەوە بکەن ، چونکوو ئاشکرایە کە لە گەندەڵی ئاشەوانە ئەگەر هات و ئاشەکە بمیزێ ، لەمانەش سەیروسەمەرەتر ئەوەیە کە سەرانی کورد لە بەغدا داوای فیدرالییەت و دیموکراتییەت لە عارەب دەکەن ، کە ئەو بۆ خودی خۆیان لەباری نازانن و بڕوایان پێی نییە و بە کوفری موتڵەقیشی دادەنێن وەک ئەوەی سەیید عەلی سیستانی بە ئاشکرا ناوبەناو گوزارشی لێوە دەکات . بەڵام ئەگەر سەرانی کورد لەم بارەوە بدوێنی هەر کە تەنگەتاو بوون ، دەڵێن ئەو شتانە مەرجی ئێمەن و داواکاری نین ! ئەگەر ئەو قسانەی سەرانی کورد ڕاست بوایە کە مەرجی ئەوانە و داواکاری نین، دەبوا لە پاش تێپەڕبوونی مانگێک بە سەر دامەزراندنی حکومەتی بەغدا کە ئامادەبوونی ئەوەیان تێدا نەبینین تەنانەت دانوستانیش لەمەڕ کێشەی کەرکووکەوە بکەن ، وەک لە دەستووورە کاتییەکەی بریمەردا هاتووە کە دەڵێ دەبێ لە پاش مانگێک لە دامەزراندنی حکومەتی هەڵبژێردراو ، ماددەی **58** جێبەجێ بکرێ ، دەبوایە تێکڕا بە هەمئاهەنگی بەغدایان بەجێ بهێشتبایە و بە هێزی بازووی خۆیان ئەو ماددە یاساییەیان لە کەرکووکدا دەستەبەر بکردایە ، کە دڵنیام ئەو کاتە ئەگەر بە ئاشکراش نەبوایە ، لە ژێری پەردەوە ئەمریکییەکان لە کانگای دڵەوە دەسخۆشییان لێ دەکردن ، ئێستاش نەچووە بچێ و ئەگەر لە ماوەی مانگێکدا پابەندی جێبەجێکردنی ئەو ماددە یاساییە نەبوون ، بێ سێودوو لێکردن ئەو هەنگاوە هەڵێننەوە و خۆیان ماددەی **58** لەمەڕ کێشەی کەرکووک و شارەکانی دیکەدا جێبەجێ بکەن و ڕاستەوخۆ بیانخەنە ئەمری واقیعەوە ، کە دڵنیام دە هێندەی ئێستا چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە حیسابیان بۆ دەکرێ ، وێڕای ئەوەی کە لە لایەن جەماوەری کوردەکەشەوە برەو پەیدا دەکەنەوە و دەبنەنەوە جێی هیواو متمانەی تێکڕای هاووڵاتییان . بەڵام کاک مەسعوودێک وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان خاوەن ئەو هەڵوێستانە بێ کە پێشتر باسمان لێوە کردن ، ئایا هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی بوێرانەی لەو جۆرەی لێ چاوەڕوان دەکرێت ؟ هەر لە پاش هەڵبژاردنەکەی لە لایەن پەرلەمانەوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، هێندە بەرامبەری لەو سەتەلاییتە ئاسمانییەکەی لای خۆی گرتبوو و ئەوەندە پێداهەڵدانی جۆربەجۆری قەڵەمفرۆشانی دەرباری خۆی بیستبوو ، نەخێر وەک لەو ئاوێنەدا چاوی بە خۆی کەوت ، وەک شێر خۆی هاتە پێش چاو و غیرەت گرتبووی و چوو بۆ بەغدا بۆ ئەوەی پرسی کەرکووک و جێبەجێکردنی ماددەی **58** ڕابگەیەنێ ، کەچی لە نێو پەرلەمانی عیراقدا دەمی بە یەکدا هات و خۆی لە قەرەی ئەو باسە نەدا ! لەمانەش سەیرتر ئەوە بوو هەر کە پێیان ڕاگەیاندبوو کە جەعفەری هات ، لە ژوورەکەی خۆیدا تۆتکەی نەگرتبوو و چووبووە کۆلیدۆرەکانی دەرەوە بۆ پێشوازیلێکردنی ، لە کاتێکدا مام جەلال سێ ڕۆژ لە پێناو هاتنی جەعفەریدا بۆ هەولێر پرسی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی دوا خست و ئەوجایش هەر نەهات ! بریا بتاندیبایە کە چۆن کاک مەسعوود هەردوو پێی خۆی لێ هەڵبڕیبوو بۆ ئەوەی دەمی بگەیەنێتە ڕوومەتی پیرۆزی جەعفەری و ماچی بکات کە وەک مێروولەیەک دەهاتە پێش چاو بە قوولەی قافدا هەڵگەڕابێ ، ئەم سەرکردانەی کورد پێشتر ئەوەندە بە زەلیلی چوونەتە پێش دەستی لێپرسراوانی ئێران و عیراق و سوریا ، ئێستاش کە حوکمڕانی عیراقن لە هەمان

ڕوانگەی خۆ بە کەمزانینی جارانەوە گوزارش لە خۆیانەوە دەکەن و ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە ئێستا ئەوان تەمسیلی خۆیان ناکەن و نمایندەی هیوا و ئاواتی گەل و نەتەوەیەکی چەوساوەی ئەنفالکراون ، کە دەبوا بۆ داکۆکیکردن و دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی ئەو میللەت و نەتەوەیە خەو لە چاوی شێردا بتارێنن ، بەڵام خەواڵوو و خەوخۆشێکی وەکوو هێژا کاک مەسعوود بارزانی و ئەو هەڵوێستە بوێر و بەجەرگ و دلێرانە کوجا مەرحەبا ! بڕوا بکەن ساڵی **87** کە لە ڕاژان بووم ، پارتی هێندە بە دەستی پاسدارانی ئێرانەوە داماو و زەلیل کەوتبوو ، لە سەرۆکەوە بیگرە تا دەگاتە دوا دەنکی ( م . س )ەکەی ، پاسدارێک بە شەق بەرەو ورمێ هەموویانی ڕاپێچ بکردبانایە ، ئەوجا کەس فزەی لێوە نەدەهات ! ئاخر ئێستا بە هەموو پێودانگێک جەنابی مام جەلال لە دیدەگای ئەوەی کە ئێستا ئەو سەرۆک کۆماری عیراقە ، نابێ وەکوو کوردێک باس لە کێشەی کوردەوە بکات و ئەوە ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و دەبێ ئەو پێی هەڵبستێ ، ئایا کەسێک لە نێو پارتیدا هەڵناکەوێ و پێ بە جەرگی خۆیدا بنێ و لە سەر نەزەرییەی قیروسیا ڕاشکاوانە بە هێژا کاک مەسعوود بارزانی ڕاگەیەنێ کە چاوەڕوانی چی دەکات و کێشە چارەنووسسازەکانی بۆ کەی هەڵگرتووە ؟ ئایا چاوەڕوانی کاک برایم جەعفەری دەکات کە لە سەر سینییەکی زێڕیندا کلیلی شاری کەرکووکی دڵی کوردستان و شارۆچکەکانی دیکەی بە دیاری پێشکەش بکات ؟ پرسیارێکە و وەڵامەکەی لە لای کاک مەسعوود بارزانی و فازل میرانییە .

چواردە ساڵی ڕەبەقە ئەم دوو حیزبە دڕدۆنگە لە بری ئەوەی ڕیزەکانی میللەت یەکبخەنەوە و گیانی لەخۆبوردن و تەبایی و برایەتی لە نێو کوردەکەدا ببووژێننەوە ، ڕیزەکانی میللەت لێک دەترازێنن و چەواشەیان دەکەن و تەنانەت دووبەرەکی و ئینشیقاق لە ڕیزی حیزبە بچووکەکانیشدا دەخولقێنن . هەر بەمەشەوە ڕانەوەستاون و ئەم دیاردە ناچیزەشیان گواستووەتەوە بۆ نێو کۆمەڵە و حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ، کە دڵنییام ئەگەر لە کاتی پێویستدا چارەسەرێکی بنەڕەتی و تۆکمەی بۆ نەدۆزرێتەوە ، بە زیانێکی گەورە بە سەر بزاڤی نەتەوایەتیی کوردا دەشکێتەوە !

ئێستا پرسی کەرکووک لە هەموو کاتێک زیاتر لە ڕاگەیاندنەکانی عیراق و وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە ، کە وەک گەلەکۆمەیەک دێتە پێش چاو بە گیانی کورد کە پێشتر خۆیانیان باش بۆی ئامادە کردبێت و سەعاتی سفریشیان بۆی دانابێ ، دەیانەوێ بە بیانووی جۆربەجۆر و لەژێر تارایەکی گومانلێکراوی دەستکرددا ، ئەم جارەش کێشەکە بۆ پاش نووسینەوەی دەستوور دوا بخەن ! لە کاتێکدا خۆیان لە هەموو کەسێک باشتر دەزانن کە کێشەیەکی وەکوو کێشەی کەرکووک نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پەیوەندی ڕاسەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە نووسینەوەی دەستووری عیراقەوە نییە ، چونکوو نووسینەوەی دەستوور لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا بە یاسای بنەڕەتیی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەژمێردرێ ، وەکوو کێشەی فدرالییەت ، دیمکراتییەت ، دەربڕینی هەڵوێست دەربارەی ئاینی ئیسلام کە ئایا سەرچاوەی سەرەکی بێت وەکوو شیعەکان داوای دەکەن یان بە سەرچاوەیەک بژمێردرێ لە سەرچاوەکان . نووسینەوەی دەستوور بە هیچ کلۆجێک پەیوەست نییە بە وردەکارییەکی دروستکراوی وەک کێشەی کەرکووکەوە ، کە کێشەیەکی هەنوکەیی و کاتییە و لە بارودۆخێکی کاتی و لە ماوەیەکی کاتیدا بە زۆر سەپێندراوە و گوزارش لە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبیی شۆڤێنییانەوە دەکات و بە زۆڵەک و ناشەرعییانە لە منداڵدانی خاکی کوردستاندا خولقێندراوە ، کە ئەگەر سەرانی کورد لە ئاستی بەرپرسیارێتی خۆیاندا بوونایە و **14** ساڵ کوردەکەیان بە شەڕەپەڕۆی حیزبایەتییەوە گرفتار نەکردبا ، دەمێک ساڵ بوو پاشخانی ئەو سیاسەتە چەوتە ڕەگەزپەرستانەیان لەبار بردبوو و کەرکووک و شار و شارۆچکەکانی دیکەیان گەڕاندبوونەوە بۆ باوەشی دایکی ڕاستەقینەی خۆی کە هەرێمی کوردستانە .

بەستنەوەی کێشەی کەرکووک بە نووسینەوەی دەستوورەوە ، پیلانێکی پێشوەخت نەخشە بۆ کێشراوە و بە مەبەستی لەباربردنی سەرلەبەری کێشەکەوە نەیارانی کورد گوزارشی لێوە دەکەن ، چونکوو نووسینەوەی دەستوور شیردا بۆ داپیردایە و مەگەر شەممە لە مانگ ببڕێ ئەوجا بنووسرێتەوە ، گریمان با بڵێین ئەوە نووسراشەوە ، ئەگەر بە قەد نووکە دەرزییەک خێری کوردی تێدا بێ ئەوجا کارتی ڤیتۆی سێ پارێزگاکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەکار دەهێنن . بۆیە بە ڕاشکاوییەوە دەیڵێم هەر سیاسەتمەدارێکی کورد کێشەی کەرکووک

ببەستێ بە کێشەی دەستوورەوە یان بەشداری لە نووسینەوەی دەستووردا بکات لە پێش جێبەجێکردنی بڕگەی **58** و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووکدا ، گەورەترین خیانەت لە گەل و نەتەوە و وڵات و خاکی نیشتیمان دەکات و دەچێتە خانەی میللەتفرۆشان و وڵاتفرۆشان و کەرکووکفرۆشانەوە و وڵاتپارێزان لێی بێ دەنگ نابن و خۆی دەخاتە بەر لێپرسینەوەیەکی مێژوویی زۆر گەورەوە .

سۆلەنتوینا _ ستۆکهۆڵم _ **7 - 7 - 2005**.
Rahman_256@hotmail.com